**دیسان کتێبی 'بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد' (بەرگی 1 و 2)**

من پێشتر لە بەشی 13 ی ئەم زنجیرە ووتارەدا باسی کتێبی "بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە"، دانراوی مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغیم کرد. لەم بەینەدا بۆ کارێک چوومەوە سۆراغی نووسینەکە و سەیرم کرد لە بەر هۆیەکی بۆ خۆم نەزانراو! تەنیا باسی بەرگی 2 و 4 ی کتێبەکەم کردووە بەرگی یەکەم و سێهەمیم هەڵاواردووە و لە ووتارەکەمدا ئاماژەم پێ نەکردووە – دووریش نییە ئەودەم لە بەردەستمدا نەبووبێتن.

هەرچۆنێک بێت، بۆ ئەم کارە داوای لێبووردنی زۆر دەکەم و وا چاوێک لە و دوو بەرگەکە دەکەم؛ دیارە ئەگەر لە بەرگەکانی دیکەشدا بابەتێکم لە بەر چاو وون بووبێت لێرەدا قەرەبووی دەکەمەوە:

**__بەرگی یەکەم:__**

1. ژمارە 9، لاپەڕە 135، کەشکۆڵی قادری سەڵەسیی
شێعری ئەحمەدی کۆری تێدا تۆمار کراوە.
2. ژمارە 14، لاپەڕە 156، کەشکۆڵی محەممەد ئەمین خاکی
شێعری ئەحمەدی کۆری تێدا تۆمار کراوە. *(هەروەها 'خاکی' - تەنانەت ئەگەر هی دەوروبەری سلێمانیش بن، دوور نییە هەمان 'خەڵکی' یەکانی بۆکان نەبن).*
3. ژمارە 19، لاپەڕە 176، تەرکیبی کوردیی
هی هەمان محەممەد ئەمینی خاکییە.
4. ژمارە 32، لاپەڕە 222، کەشکۆڵی سۆرانیی
شێعری ئەحمەدی کۆری تێدا تۆمار کراوە. *(لەم کەشکۆڵە و ئەوی پێشتریشدا شیعری فیکری هەیە. پێموایە فیکری لە پەیوەندی بۆکان یا سنەدایە، بەڵام دڵنیا نیم).*
5. ژمارە 53، لاپەڕە 298، کەشکۆڵی عەبدولقادر
دەستنووسێکی گرنگە لە پەیوەندی مامەشاندایە و کۆمەڵەی هەندێک نامەیە وباسی گەلێک ڕووداو و پەیوەندییەکانی ناوچەی موکریانی کردووە، بۆ مێژووی بۆکانیش ناڕاستەوخۆ بەکەڵکە. ئەم فەردەشی تێدایە:
ئەمین! زانیوتە لەیلا دێتە لامان؟
بە موژگان چاکە ڕێگاکەی بماڵم
6. ژمارە 69، لاپەڕە 363، فەتاوای زانایانی کورد
لە بەشی دووهەم وچوارەمی ئەم ووتارەی مامۆستا قەرەداغیدا ناوی قزڵجی هاتووە، کە دەبێ لە بنەماڵەی ناسراوی قزڵجییەکانی بۆکان بن.

ئەوەش هەندێک بابەتی بەرگی 2 کە لە ووتارەکەی پێشووی مندا لەبیر چووبوون:

**__بەرگی دووهەم:__**

لاپەڕە 25، ژمارە 7، 5961 (د.ص)، خەیاڵیی، لەبەر خاتری مەلا مستەفای کۆیی لە گوندی تورجان نووسراوەتەوە.
لاپەڕە 25، ژمارە 9، 17688 (د.ص)، شەرحی شەواهید بە فارسی، محەممەد ساڵحی باشماقی لە مەدرەسەی تورجان لە خزمەتی مامۆستا مەلا محەممەد حەسەندا 1302 نووسیویەتەوە.
لاپەڕە 25، ژمارە 10، 20737 (د.ص)، حاشیەیەک لە مەنتیقدا، عەبدولغەفووری کوڕی ئەحمەد ساڵی 1306 لە گوندی تورجان نووسیویەتەوە.
لاپەڕە 25، ژمارە 11، 21261 (د.ص)، تەرجەمەی چەند بابێکی مینهاج بە فارسی، محەممەد حەسەنی کوڕی مەلا عەلی تەرجەمەی کردووە. نەسروڵڵای تورجانی ساڵی 1316 لە گوندی تورجان نووسیویەتەوە.
لاپەڕە 39، ژمارە 12، 19789 (د.ص)، المطالع السعیدە الفریدە، حسێن الخواهرزاد ناسراو بە زینوێ یی - گوندێک لە سەردەشت، لای مامۆستا مەلا محەممەدی کوڕی مەلاعەلی قزڵجی لە گوندی تورجان ساڵی 1300 نووسیویەتەوە.
لاپەڕە 39، ژمارە 114، 11306 (د.ص)، دەستخەتێک کە کۆمەڵێک دانراوی تێدایە:
6. فەرائیضی قزڵجی
7. تەجویدی قزڵجی

لاپەڕە 42، ژمارە 31، 18182 (د.ص)، حاشیە میر ابوالفتح علی الرسالە الحنفیە فی الاداب، حسەینی خواهەرزاد لە گوندی 'سەرداراباد'سالّی 1311 لە خزمەتی مەلا سالّحی نیستانیدا نووسیویەتەوەڕەسووڵی ئەحمەدی ڕەسووڵ شیرازەی پساندووە و لە هاوەڵەکانی دابڕیوە.
لاپەڕە 45، ژمارە 22، 17403 (د.ص)، کۆمەڵە دانراوێکی نۆدێ یی و حەڵکی دێ، ڕەسووڵی شێخ ئاودەڵیی لە گوندی شەرەفکەند لە خزمەتی شێخ یۆسفی شێخ شەمسەددین دا ساڵی 1299 نووسیویەتەوە.
لاپەڕە 50، ژمارە 33، 15776 (د.ص)، حاشیەی زێباریی بە سەر عیصامەددینەوە، محەممەد کوڕی سولەیمانی کوڕی عەلی کوڕی محەممەدی کوڕی ڕەسووڵ لە گوندی 'عیساکەند" لە ناحیەی ئەختاچی لە مەدرەسەی مەولانا خضر نووسیویەتەوە، بێ مێژوو، بەڵام کۆنە.
لاپەڕە 54، ژمارە 27، 19204 (د.ص)، مینهاج، محەممەد ئەمینی نستانیی کوڕی ڕەسووڵ، ساڵی 1294 لە گوندی قازڵیان نووسیویەتەوە.
جگە لەوانە، مامۆستا دەست نیشانی هەندێک دەستنووسیشی کردوون کە لە موکریان نووسراون وناوی شارەکەیان دیاری نەکراوە.

بۆ بەرگی سێهەم و چوارەم بڕوانە ئاڵقەی دواتر، ژمارە 235

محەممەد عەلی قەرەداغی؛ *"بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە"* ؛ بەرگی یەکەم: بەغدا 1998؛ بەرگی دووهەم: بەغدا 1999؛ بەرگی سێهەم: بەغدا 2000؛ بەرگی چوارەم: بەغدا 2002؛ بەرگی پێنجەم: بەغدا